ئاپۆرتەک دەربیدەخات کە هێزەکانی تورکیا چەندین هاوڵاتی کورد لە شاری عەفرین ڕفاندووە

ناوەندی بەبەڵگەکردنی پێشێلکارییەکان ئاپۆرتی مانگی تەمموزی ئەو کەسانەی بڕاوکردووە کە لەلایەن سوپای تورکیا و هێزەکانی لە عەفرینب ەژئاوای کوردستان ڕفێندراون.

لە ئاپۆرتەکەدا گوتراوە، لە مانگی تەمموزدا 28 هاوڵاتی ڕفێنراون، هەروەها دیاریکراوە کە لەبەرامبەر ئازادکردنی هاوڵاتییەکان داوای فیدیە دەکەن.

بەگوێرەی ئاپۆرتەکە ناوی ئەو کەسانەی ڕفێنراون بەم جۆرەیە:

ڕەشید سەمیر (24 ساڵ)، خەلیل حاجی ئەحمەد (47 ساڵ)، مەحەممەد مەجید (34 ساڵ)، شەمسەدین سلەمان محەمەد (66 ساڵ)، مەنان محە ناسان (40 ساڵ)، جومعە ئەلموسا (60 ساڵ)، زەینەب شێخ مستەفا (85 ساڵ) و کوڕەکەی محەممەد مستەفا و ئەحمەد مستەفا (14 ساڵ)، مەحەممەد عەلی خەلفان (43 ساڵ)، مەنان سەیدە (57 ساڵ)، فهمی عەبدە سەیدە (35 ساڵ)، عەلی عەبدولڕەحمان مستەفا (49 ساڵ)، سەلاح ڕەشید کەربەلە (20 ساڵ)، مەحەممەد خەلیل حاجی قەنبەر (24 ساڵ)، مەحەممەد حەسەن سەیدە (40 ساڵ)، جوان حەمید هەڕە (42) ساڵ، مەحەممەد سەید عومەر (43 ساڵ)، ئەحمەد خەلیل ئەلجەلال، مەحەممەد عیزەت کەچەر، حەسەن عیسا خەلەف (55 ساڵ).

لە ئاپۆرتەکەدا دەستنیشان کراوە، چەتەکانی ئەحرار ئەلشەرقیە لە 2ی تەمموز لە شاری عەفرین

هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵان و 7 هاوڵاتیان کەفاند، بەشێک لەو هاوڵاتییە کەفنراونەی ناویان زانراوە، بریتیین لە ئەحمەد مەحەممەد و ڕەزان مەحەممەد و مەحەممەد بەکر.